# تێڕوانینێکی کورت لە مۆرکی موزیک و موزیکی کوردی... فەرهاد محەممەد سالّح

بەشی دووەم



ئەگەر بە خێراییەک تەماشای هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین بکەین، بۆمان ئاشکرا ئەبێت، کە هەموو نەتەوە جیا جیاکانی دونیا لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاّتدا، مۆرکی موزیک و گۆرانی نەتەوەیی و گەلانی خۆیان هەیە.
جیاوازی لە نێوان مۆرکی موزیکی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاّتی، تەنها لە بەکارنەهێنانی چارەکە دەنگ و بەکارهێنانی چارەکە دەنگدا نیە. بەلّکو جیاوازی کولتوور، ژینگەو شوێنی جوگرافیایی هەر نەتەوەیەک، کار ئەکاتە سەر جۆری بیرکردنەوەو پەیوەندییەکان و کارکردن لە بوارە جیا جیاکانی مرۆڤدا. هەروەها هۆشمەندی و ڕۆشنبیری تاکەکان لە بوارە جیا جیاکان و بواری موزیکدا، زەرورەتێکە بۆ ئەنجامدان و پێناس کردنی هەر کارێکی موزیک یان گۆرانی، بە تایبەتی کاتێک کارە موزیکەکە یان گۆرانییەکە پەیوەستە بە نەتەوەیەک.
چونکە ئەگەر بە وردی، گوێ بیستی هەر یەک لە مۆرکی موزیک و، گۆرانی نەتەوە جیا جیاکانی ڕۆژهەلاّت بە گشتی و ولاّتانی دراوسێ بەتایبەتی بین، ئەتوانین بە ئاسانی مۆرکی موزیک و گۆرانییەک بناسینەوە، کە سەر بە چ نەتەوەو گەلێکە، بەهۆی تێگەیشتن لە میانە دەنگییە موزیکییەکان، کە چۆن هەر نەتەوەو گەلێک مامەلّە لەگەلّ ئاوازو میلۆدییەکان دەکات.
ئەگەر پەیژەیەکی موزیک، بۆ نمونە پەیژەی (حجاز) *وەربگرین و گوێ بیستی بین، بەهەریەک لە مۆرکی موزیکی (عەرەبی، فارسی و تورکی). لە ڕووی نوسینەوەی دەنگە موزیکییەکان لە سەر کاغەزی نۆتی موزیک، بە پێی زانستی نوسینی موزیک، هەمان هێماو میانەی دەنگی ئەبینین. بەلاّم لە ڕووی ژەندنی لەلایەن موزیکژەنێک و دەربڕینی لەلایەن گۆرانیبێژێک، مۆرکی موزیکی هەر نەتەوەیەکمان بە ئاسانی گوێ لێ دەبێت و ئەیناسینەوە، کە سەر بە چ نەتەوەیەکە. ئەمەش بە هۆی مامەلّە کردنی ئەو میانە دەنگیانەیە.
لێرەدا بۆمان ئاشکرا ئەبێت کە بەپێی مامەلّە کردنی، میانە دەنگییە موزیکییەکان، ئەتونرێ مۆرکی موزیکی نەتەوەیی بناسرێتەوەو پێناس بکرێ.
بۆ تێگەیشتن و فێربوون و ناسینەوەی، میانەی مۆرکی کوردی، بە ڕای من تەنها دەربڕینی ئەو میلۆدی و ئاوازی مەقام و بەستە کوردییانەیە، کە لەلایەن گۆرانیبێژانی ڕابردووەوە وتراون و بونەتە پێناسێک، کە لەڕێیەوە بە ئاسانی مۆرکی کوردی پێ ئەناسرێتەوە، وە بێ گومانم باشترین بەلّگەی ڕاست و دروستن، بۆ موزیکزان و گۆرانیبێژانی کورد، هەروەها هۆشمەندی و ڕۆشنبیری موزیکزان و گۆرانیبێژ لە بوارەکەدا، گرنگییەکە، تابتوانرێ بەرجەستە کردنی خەیالّەکان، لە چوارچێوەیەکی هونەری نوێدا بێت.
*حجاز.. پەیژەیەکی موزیکە، زیاتر لە موزیکی ڕۆژهەلاّتیدا بەکار ئەهێنرێ، نمونەی گۆرانی لەسەر ئە پەیژەیە (شیرینە سەوزە، کراس زەردێ، فاتمە دوو چاوی مەستت..... )